# تەقینەوەکەی ئەمرۆی بەردەم وەزارەتی ناوخۆ لە هەولێر,بە توندی مەحکوم دەکەین!

**بە داخەوە سەر لە بەیانی ئەمرۆ 9-5-2007 کاتژمێر (8/05)دەقیقەی سەر لە بەیانی , لە کاتێکدا کە خەڵکی خێر لە خۆ نەدیوی کوردستان بە لە دڵا بوونی هەزار و یەك خەون و هیواو ئاوات بۆ سەر کارەکانیان گوزەریان دەکرد و بۆ ئەوەی مناڵەکانیان لە برسان نەمرن و لەتێك نانیان بۆ پەیدا بکەن,لە کردەوەیەکی تیرۆرستی خۆکوژیدا تیرۆرستان گیانیان لە دەیان هاوڵاتی سەندەوە و دەیانی تریش بریندار بوون.**

**ئیمە لە کۆمیتەی هەولیری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە ,پرسە و سەرەخۆشی خۆمان لەخێزان و بنەماڵەی قوربانیەکان رادەگەیەنین و هیوای چاك بوونەوەش بۆ بۆ بریندارەکان دەخوازین.گیان لە دەستدانی پۆلیك لە دۆست و ئازیز و خۆشەویستانمان لە ناخەوە نیگەرانی کردووین بۆ جارێکی تریش هیز و ووزەی پیّ بەخشینەوە بۆ بەردەوامی خەباتمان لە پێناویەنەمان و بنەبڕ کردنی هەموو ئەو کەس و لایەن و گروپ و بزووتنەوانەی کە دەیانەوێت ئارامی خەڵك تیك بدەن و دژایەتیان لەگەڵ ئازادی و یەکسانی و خۆشبەختی و رەفاهیەنی مرۆڤەکانەوە هەیە.**

**ئیمە چەندین جاری دیکە رامانگەیاندووە تاکە رێگا بۆ دابین کردنی ژیانیکی ئارام و هیمن دووبارەنەبوونەوەی ئەم جۆرە رووداوە جەرگ برانە بۆ خەڵکی کوردستان تەنها لە گرەوەی جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.جاریکی تریش سەرەخۆشی خۆمان لە خانەوادە و دۆستان و ئازیزانی قوربانیەکانی رووداوەکەی ئەمرۆ دەکەین و گیان لەدەستدانیان خەمێکی قوڵی لەنیو دڵ و دەروونە ئیمە بەجیّ هێشت.**

**سەرشۆری بۆ تیرۆو تیرۆرستان**

**سەرکەویّ سەربەخۆی کوردستان**

**کۆمیتەی هەولێری**

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

2007/5/9